# لەقوتابخانەی پەپولە بیّ باڵەکان
# منداڵانی هەڵەبجە فیّری سەماو فڕین دەکەن

**ئیدریس عەلی**
Edrisali1972@yahoo.com



لەهەڵەبجەی شەهید، چەند منداڵێك لەناو کەلاوەیەکدا، کە شوێنی (مارو دووپشكو مشكو پاشماوەی کیمیاییو وێرانیەکانی جەنگە) بەکەپر قوتابخانەیەك درووست دەکەن بەناوی ( قوتابخانەی پەپولە بیّ باڵەکان) لەم قوتابخانەیەدا کە چەند منداڵێکی پۆلی شەشەمو پێنجەمی سەرەتایی وەك مامۆستا وانەی جۆراو جۆر بەو منداڵانە دەڵێنەوە کە ساڵی داهاتوو دەچنە قوتابخانە.. ئەوان سەرەتا سەرقاڵی ماڵە باجێنە بوون دواتر گەمەکەیان بوویە پرۆژەیەکی پەروەردەیی، پاش بڵاو بوونەوەی هەواڵەکە شارەوانیو قایمقامیەتی هەڵەبجە لەم کارە گەورەیەی ئەو منداڵانە ئاگادار دەکرێنەوە، دەسبەجیّ سەردانی قوتابخانەکەیان دەکەنو شوێنەکەیان بۆ پاك دەکەنەوەو کورسیو مێزو تەختە رەشیان بۆ دابین دەکەن، لەکاتێکدا ئەم منداڵانە سەرگەرمی بیرۆکەیەکی لەو چەشنە بوون، بیستو دوو رێکخراوی مەدەنیو ژنانو لاوانو منداڵان سەرگەرمی موچە وەرگرتنو حساباتی نەسریەو سەردانو پێشوازیو تەشریفاتی بوون، ئەم منداڵانە کە پاشماوەی کیمیاییو مەرگو نەهامەتین، کەدەستی رۆژگارو قەدەر تووڕی داونەتە گۆشەیەکی تاریكو داخراوو رۆژانە لەلایەن گەورەکانەوە گوێبیستی حیکایەتەکانی مەرگو دووکەڵ بوون، لەناو ئازارێکی بێسنووردا وەها بیرۆکەیەك دێت بەخەیاڵی ناسکیانداو پاش مشتومڕو راگۆڕینەوە لەناوخۆیاندا بڕیاردەدەن پشت ئەستوور بەتوانا منداڵانیەکانی خۆیان بەکەپرو پەڕۆ ئەو قوتابخانەیە دابنێنو تەنها جیاوازییەك لەگەڵ قوتابخانە گەورەکاندا کەهەیەتی بریتین لەمانە:

- ئەمان لەژێر کەپرو پەڕۆدان... ئەوان لەبینای بەرزو ژووری زیندان ئاسادان
- ئەمان بێبەرامبەر کاردەکەنو دەوام دەکەن.. ئەوان دوو رۆژ موچەیان دوا بکەوێت مان دەگرن
- ئەمان وێنەی پەپولە بەسنگیانەوە هەڵدەواسن.. ئەوان گوڵی لایلۆنو سەناعی
- ئەمان ماچ بەلێویانەوەیە... ئەوان تفو جوێن
- ئەمان خۆشەویستی بەدەستیانەوەیە.. ئەوان دارو زللە
- ئەمان منداڵنو شانازی دەکەن بە پاکێتی خۆیانەوە.. ئەوان گەورەنو بە گەورەیی خۆیان دەنازن
- ئەمان کەتووڕە دەبن پێدەکەنن.. ئەوان پێکەنینیشیان قسەی سووکە
- ئەمان دەنگ بەرزناکەنەوە نەبا کۆترێك لەسەر ئەو درەختە دڵی بشکێت.. ئەوان کۆتریان بەئاسمانەوە نەهێشتووە.

مامۆستا بچکۆلەکان لەژووری بەڕێوەبرە بچکۆلەکەیان کە بەهەمان شێوە بەکەپر درووستیانکردووە لەدەوری مێزێك خڕ ببوونەوە، سەرگەرمی ئامادەکردنی وانەکانی ئەو ئێوارەیان بوون، هەریەکەو دەفتەرێکی لەبەردەمدا دانابوو خەریکی نووسینی ملاحەزات بوون... تەنها خۆیانو خوا دەزانن بەر لەچوونی ئێمە بۆ ژووری بەڕێوەبەری گچکە باسی چیان کردووە.. تەنها پەپولە بیّ باڵەکانی سەر سنگیان گوێی لەچپو هوڕو قسەوباسی ئەو مامۆستا خنجیلانانە بوو، ئێمە هیچ لەو دانیشتنە حاڵی نەبووین، ئەوان وەك نهێنییەکی ترسناك قسەکانیان بردەوە دڵیانو بێدەنگ بوون، وەك

مۆمێکی کز لەئێمەیان روانیو تێگەیشتن کە رۆژنامەنووسینو سەردانی ئەو دڵە گەرەو قوتابخانەی پەپولە بێ باڵەکانمان کردووە، یەکراست بەڕێوەبەری قوتابخانە کەناوی ( تاژان سەباح) بوو تەمەنی تەنها دوانزە سەرخەو شکاندن بو لەنیوەڕۆیەکی گەرمی هاویندا، بەحورمەتێکی گەورانەو بەهەیبەتی بەڕێوەبەرێکی لەخۆڕازی دەستی تەوقەو سڵاوی بۆ درێژ کردینو لەژوورەکەی خۆیدا کەتەنها جێگەی خەیاڵی ناسکی خۆیانی تێدا دەبوویەوە لەسەر کوورسیەکی منداڵانە داینیشاندینو مامۆستاکانیش بەدەم خۆشهاتنمانەوە دەفتەرو وەرقەی سەرمێزەکەیان خڕ کردەوە، من لەکاتێکدا بۆ کارێکی رۆژنامەنووسی سەردانمکردبوون، دڵم قوڵپی دەدا لەگریانو لەودیمەنەی مامۆستا بچکۆلەکانو منداڵە چاو پڕ لەنیگاکان رامابووم، لەدڵی خۆمدا لەکاتێکدا گریانم بەئاستەم راگرتبوو شەرمم لەگەروە بوونی خۆمو هاوڕێ هاوکارەکانم دەکرد، لەدڵی خۆمدا وتم: خودایە منداڵانی ئەمشارە ئەم گشت رێزو خۆشەویستیەیان لەکوێ بوو؟ ئاخر خودایە ئەم بیرۆکە چۆن وەك شیعر بەدڵی ئەمشارەدا عبووری کردوو چوویە خەیاڵی ئەم بوونەوەرە ناسکانەوە.

لەکاتێکدا سەرقاڵی قسەکردن بووم لەگەڵ تاژانی بەڕێوەبەر پەیتا پەیتا ژنان منداڵەکانیان دەهێناو داوایان دەکرد لەو قوتابخانەیەدا وەریانگرنو فێریان بکەن، تاژانیش بە دڵێکی گەورەو زمانێکی میهرەبانانەوە پێی دەگووتن: دایە گیان بمبوورن ناتوانم چیتر منداڵ وەربگرم.. ئاخر دایە گیان شوێنەکەم زۆر بچوکەو ئەگەر ئەو هەموو منداڵە وەربگرم کێشەم بۆ درووست دەبێـت.. !

لەکاتێکدا ئێمە خەریکی گفتوگۆ بووین، پەیتا پەیتا منداڵەکان بەجانتاو عەلاگەی پڕ لەدەفتەرو قەڵەمەوە دەرکەوتنو چوونە پۆلەوە مامۆستاکانیش بەحورمەتەوە ئێوارەباشیان لێکردنو ئیتر دەنگی وانە وتنەوە بەرز بوویەوە.. من سەبارەت بە بیرۆکەی ئەم قوتابخانە پرسیارم لە تاژانی بەڕێوەبەر کرد، ئەویش بەم شێوەیە بیرۆکەکەی گێڕایەوە" سەرەتا ئێمە کۆمەڵێك منداڵ بووین لەکۆڵانەکەی خۆماندا خەریکی یاریو ماڵە باجێنە بووین، یەکێك لەمنداڵەکان وەك مامۆستا بۆ یاریکردن وانەی بەچەند منداڵێك دەگووتەوە، منداڵەکانیش زۆر جوان گوێیان لێگرتبوو دیاربوو حەزیان لێدەکرد، منیش رۆشتم وەتم دەتوانم یاریتان لەگەڵ بکەم بەخۆشحاڵییەوە قبوڵیانکرد، ئیتر دەستمانکرد بەیاری مەکتەبێنە، دوای ئەوە سەیرمانکرد منداڵێکی زۆر لێمان کۆبونەوە، ئێمەش وەك مامۆستا بەجدی وانەمان دەگوتەوە، پاش ماوەیەك هەر لەکۆڵانەکەی خۆماندا شوێنێکمان دیاریکرد بۆ ئەوەی هەموو رۆژێك وانەی تێدا بڵێینەوە، ئەوە بوو پەرەمان پێداو رۆژێك مامۆستا عیرفان هات بۆلامان کەبینی خەریکی ئەمکارەین وتمان ئەمە قوتابخانەیەکی بچوکە دەمانەوێت گەورەی بکەینو پەرەی پێبدەین بۆ ئەومنداڵانەی کە ساڵی داهاتوو دەچنە قوتابخانە بۆ ئەوەی پێشتر زانیارییەکیا ن لەلابێت، ئەوەبوو بۆ رۆژی دواتر سەتەلایتی گەلی کوردستان هاتنو چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کردین، ئیتر بەرپرسانی شارو هەموو خەڵك بەئیشەکەی ئێمەیان زانی، ئەوەبوو لەلایەن شارەوانیو قایمقامیەتەوە کورسیو مێزو تەختە رەشو قرتاسیەو دەفتەرمان بۆ دابین کراو شوێنەکەیان بۆ پاککردینەوە چونکەپێشتر کەلاوە بوو" تاژان باسی لەئامانجی کردنەوەی ئەم قوتابخانەیەکردو وتی" ئێمە ئامانجمان ئەوەیە منداڵان فێری بکەین لەڕێگەی چەند مامۆسستایەکەوە وانەی جیاجیایان پێدەڵێینەوە، ئێمە هەر هیچ نەکەین دەتوانین وا لەو منداڵانە بکەین کەچوونە قوتابخانە رێز لەمامۆستا بگرن" لەم قوتابخانەدا شەش مامۆستای بچکۆلە وانە دەڵێنەوە، هەریەك لەومامۆستایانە خوێندکاری پۆلی پێنجەمو شەشەمی سەرەتایینو تائێستا تونایویانە تەنها چواردە خوێندکار وەربگرن چونکە شوێنەکەیان بچوکە، ئەگەرچی رۆژانە دایکان منداڵەکانی خۆیان دێنن بۆ ئەو قوتابخانەیە بەڵام وەك مامۆستا تاژان ئاماژەی پێداو خۆشمان بینیمان شوێنەکەیان زۆر بچوکەو بەهیوان گەورەتری بکەن بۆ ئەوەی دڵی منداڵان خۆشبکەن، ئەو وانانەش لەم قوتابخانەیەدا دەخوێنرێت بریتین لە( ئینگلیزی، کوردی، زانست، بیرکاری، وێنەو وەرزشو سروود) هەریەك لەم وانانە مامۆستای تایبەتی خۆی هەیە، سەبارەت بەشێوازی وانەکانیش تاژان وتی" بەشێوەیەکی رێکوپێك وانەکان دەوترێنەوە، هەر رۆژەوە وانەیەك دەڵێینەوە، لەسەعات چواری عەسر تا سەعات حەوت دەوام دەکەین، هەموو وانەیەکیش پێنج دەقەی کۆتایی دەکەین بەسروود،لەلایەن منداڵەکانیشەوە تێگەیشتنێکی زۆر باش هەیەو مامۆستاکان بەوشێوازە تایبەتەی خۆیان توانیویانە منداڵەکان فێربکەن، تەنانەت لەسەر چۆنیەتی رێزو خۆشەویستی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەنێوان خۆیانو مامۆستاکاندا فێرمانکردوون ئەمەش وادەکات کەچوونە قوتابخانە مامۆستا گەورەکان

ماندوو نەبن بەدەستیانەوەو کارئاسانییان بۆ کراوە" تاژان باسی لەوەشکرد کەدایكو باوکی خۆیان واتە مامۆستاکان زۆریان پێخۆشە منداڵەکانیان دەستیان داوەتە ئەم کارە پیرۆزەو هاوکاریەکی باشیان دەکەنو شانازییان پێوەدەکەن، ئێستا تاژانو مامۆستا هاوڕێکانی لەلایەن خەڵکانی هەڵەبجەوە بەچاوی رێزەوە تەماشا دەکرێنو پێیانوایە ئەمان دەتوانن نەوەیەکی تەندرووستو چالاك پێبگەیەنن.

مامۆستا تاژان ئەوەشی روونکردەوە کە هەموو ئێوارەیەك پاش تەواو بوونی دەوام کەلوپەلەکانی قوتابخانە بەکۆڵی خۆیان دەبەنەوە بۆماڵەوە لەترسی ئەوەی بەشەودا نەبرێنو نەشکێنرێن، گلەیی ئەوەشی کرد کە کەپرەکەیان بە بەتانیو پەڕۆ درووست کراوەو زۆر گەرمە بەتایبەت لەم هاوینەدا کە خۆرەکە دەچێتە ناو پۆلەکەوەو داواشی کرد بۆیان بکەن بەحەسیر، دواکارییەکی ئاوا سادەو ئاسان بۆ کارێکی ئاوا پیرۆزو سەخت کە ئەم منداڵانە خستویانەتە ئەستۆی خۆیان هیچ دواخستنێکی ناوێتو جێی خۆیەتی بۆیان جێبەجێبکرێت، چونکە لەوشارەدا بیستو دوو رێکخراوو بەڕێوەبەرێتی پەروەردەو دامودەزگای حکومەتی لێیە، ئەوەشمان بیرنەچێت ئەم کارە ئەرکی حکومەتە جێبەجێی بکاتو پێویستە رۆژانە بەدەمیانەوە بچنو ئاگایان لەکێشەو ئیشوکارەکانیان بێت، چونکە وەك تاژانی بەڕێوەبەر دەیگووت بەنیازن هەتا سەرەتای کردنەەی قوتابخانە ئەمان لەمکارەیان بەردەوام بنو لەم ماوەشدا بەنیازن سەفرەیەکی جەماعی بۆ منداڵەکان رێکبخەن بۆ ئەوەی کەمێك جەویان بگۆڕنو پشو بدەنو هاوکات بەنیازی ئەوەن پێشانگایەکی وێنەیی بۆ ئەو منداڵانە بکەنەوە کەلەبەردەستی ئەماندا فێری وێنە کێشان بوونو شانۆگەرییەکیش پێشکەش بکەنو وتیشی" لەکۆتایی ساڵدا ئاهەنگێکی قەشەنگیان بۆ رێکدەخەینو بڕوانامەی رێزلێنانیان دەدەینێ" تاژان باسی لەوەشکرد کە لەم قوتابخانەدا لێدانو تورەبوونو جوێن نییە، بەڵکو رێزو خۆشەویستیو بنەمای تێگەیشتنو فێربوون هەیە، خۆزگەشی خۆاست قوتابخانە گەروەکان واز لەو دیاردە ناشرینانە بێننو لێدانو تورەبوون نەمێنێت،چونکە ئەمانە هێشتا منداڵنو چاوەڕێی دەستی گەورەکانن بۆ فێربوون، لەبەر ئەوە مامۆستایانیش دەبێت بە ئسلوبێکی جوان لەگەڵیان مامەڵەبکەن، بەڕێوەبەری قوتاخانەی پەپولە بێ باڵەکان راشیگەیاند کە بەهیچ شێوەیەك رێگە نادەن مامۆستا گەورەکان بێنە قوتابخانەکەیانو دەستبخەنە ئیشو کاریانەوەو وتیشی" چونکە ئەوان هیچ هاوکارییەکیان نەکردووین، ئێمە قوتابخانەمان بۆ خۆمان کردۆتەوەو شێوازی ئێمە جیایە لەوان" سەبارەت بەوەش کە کێ تاژانی کردووە بەبەڕیوەبەر، بەپێکەنینەوە وتی" بەرای هەموو مامۆستاکان هەڵبژاردنمان کردوو دەنگیان بەمن دا" باسی لەوەشکرد کە بەرپرسی مەڵبەندی نۆی یەکێتی نیشتمانی بەڵێنی پێداون مانگانە سەدو پەنجا هەزار دیناریان بۆ سەرف بکات، بەڵام ئەمان سوپاسیان کردووەو وتوویانە رۆژانە کەمێك سەهۆڵمان بۆ بکڕن بۆتەرمزەکەمان چونکە زۆر گەرمە لەوە زیاتریان ناوێتو وتیشی" ئێمە یارمەتی لەکەس وەرناگرین ئەگەر مەرجیان لەسەرمان هەبێت". هەریەك لەمامۆستا بچکۆلەکانیش باسی شێوەی وانە وتنەوەکانی خۆیانکردو ئاماژەیان بەو ئاستە بەرزەدا لەتێگەیشتنی منداڵەکان، مامۆستاکانیش بەهەمان شێوەی بەڕێوەبەرەکەیان توانایەکی باشی لەقسەکردندا هەبوو وەك گەورەیەك مامەڵەیان لەگەڵ پرسیارەکانی ئێمەدا دەکرد، ئەو منداڵانەش کە رۆژانە بۆ فێر بوون روودەکەن ئەو قوتابخانە خنجیلانەیە لەکاتێکدا هەمووان بە بێدەنگی لەسەر کورسیەکانیان دانیشتبونو گوێیان بۆ مامۆستا رادەدێرا، بەئاوێزەیان وت" ئێمە زۆر سوپاسی ئەم مامۆستا ئازیزانە دەکەینن شتی زۆر چاکیان فێرکردووینو مامەڵەیان زۆرجوانە لەگەڵمان" پێویستە ئەوە بڵێم هیچ کارێکی رۆژنامەنووسی لەماوەی ئەزموونی دەساڵەمدا هێندەی کارێکی منداڵان نامترسێنێتو نامخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەوە، لەگەڵ کەسایەتییە سیاسیەکانو بەڕێوەبەرە گشتیەکانو وەزیرەکاندا، زۆر بێخەمانە دادەنیشمو پرساردەکەمو ئیحراجیان دەکەم، بەڵام لەبەردەم کارێکی منداڵاندا، بەتایبەت ئەم کارە مەزنەی منداڵانی شارەکەی خۆم واتە هەڵەبجە، دنیایەك ترسو دڵە راوکە چوویە دڵمەوە، ئاخر دەترسم من لەدنیاکەی ئەوانو دەستەواژەو ئاماژەو وشە لەفۆڕمدا سادەو بەناوەڕۆك ئاڵۆزەکانیان نەگەم، کاتێکیش بەو هەموو ترسو گومانو بەرپرسیارێتییەوە لەداڕشتنەەوی ئەم رێپۆرتاژە بوومەوە بەخۆمم وت: تۆ بەرپرسی دنیایەکی جیاوازی.. پێویستە بێلایەنو راستگۆبیت لەگەڵ ئەوەی بینیوتەو ئەنجامت داوە..، ئیدی تێگەیشتم ئەم رێپۆرتاژە ناتوانێت تۆی خوێنەر لەو مانایە تێبگەیەنێت کە دەیەوێت بیگەیەنێت.